## ڕاگەیاندنی ژمارە –5-

## کۆمیتەی بەرگری لە ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین –هۆڵندا بە توندی پشتگیری خۆی لە ڕاگەیاندنی 21 کۆمیتەی ئازادی بۆ د.کمال سەید قادر -کۆمیتەی سەرپەرشتیکار ڕادەگەیەنێت

بەرپا بوونی کەمپین و پێکهاتنی کۆمیتەکان بۆ بەرگری لە ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین لەدەرەوەی ووڵات ،وەڵامێکی زەروری و دروستی جەماوەری کوردی ئازادیخوازە لەبەرابەر دەسەڵاتی سەرکوت و ئیستبداد لە کوردستاندا. بێ سەرو شوێن کردن وحوکمی قەرەقووشی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەر دکتۆر کەمال دا ،هەرچۆن بووە هۆکاری هەژاندنی عاتیفەو هەستی بنەماڵەکەی هەرواش نارەزایەتیەکی توندی خەڵکانی ئازادیخوازی لە ناوەوەو دەرەوەی ووڵاتدا بەدوای خۆیدا هێنا و لەدەرەوەی ووڵات لە کەمپینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال دا بەرجەستەبووەوە .ژووری کوردستان یونایتد وەک بەشێک لەم کەمپینە بووە سەکۆی ئازادی و گوێ ئاگردانی خەڵکی ئازادیخواز بە ئینتیمای سیاسی و فیکری جیاوازیانەوە .بەڵام ئەمە گۆشەیەک بوو لە پانتایی ژوورێکدا بۆ بردنە پێشەوەی هێمای ئازادی و سەرخستنی دۆزی ئازادی د.کمال لە بەرابەر هەوڵو تەقەلای شێوازێکی تری ناشارستانی دواکەوتوو نامۆ بەئازادی وە ڕێگر لە بەردەم چوونە پێشەوەو تەکاندانی کەمپینەکە بۆ، ئازادی دکتۆر کەمال ،دەستەبەرکردنی ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین، بۆجێخستنی شێوازێکی نوێ لە دیالۆگ لەچوار چێوەی کەمپینەکەدا.بۆیە ئێمە وێڕای ڕێزو تەقدیرمان بۆ ئەو ئەندامانەی کە ئەم ڕوونکردنەوە گرنگەیان لە کۆمیتەی سەرپەرشتیکاردا بڵاو کردەوە، بە توندیش ئەو هەوڵ و مامەڵە دزێو ناشارستانیانەش ڕەتدەکەینەوە کە لەژێر چەمکی ئازادیدا لە ژووری کوردستان یونایتد لە لایەن دەستەیەکەوە بەڕێوە چوو بۆ دەمبەست کردنی دەنگە شارستانی و ئازادیخوازەکان . مسداقیەتی ڕوونکردنەوەکەش لەوە دایە کە بەشێوەیەکی بابەتی تاوتوێ لایەن و خاڵە لاوازەکانی لە کەمپینەدا ڕوونکردۆتەوەو پەردەی لەسەر ئەو شێوازە ناشارستانیە لاداوە کە هەڵگری ڕەگەزی شێواندنی شێوەو ڕووخساری ئازادیەو تەحەمولی دەنگی ئازاد ناکات و لە ژووری کوردستان یونایتد نوێنەرایەتی دەکرێت، هەر بۆیەش جێگەی پشتگیری ئێمەیە لە پێناو بەردەوام بوون و بردنەپێشەوەو سەرخستنی کەمپینی ئازادی بۆ د.کەمال .وە لەلایەکی تر ،ئێمە پێشوازی خۆمان لە هەڵوێستی ئەو بەڕێزانە دەکەین کە لە نێو کەمپینەکەو لە کۆمیتەی سەرپەرشتیکار تەسلیم بەویست و ئارەزووی ئە کەسانە نەبوون کە سات و سەودا بە ئازادیەوە دەکەن و لە ژێر چەترو ئاڵای ئازادیدا دەمبەستی ئازادیخوازان دەکەن و پرنسیپی ئازادی دەشێوێنن .

بەردەوام بێت کەمپینی ئازادی بۆ دکتۆرکەمال
بژی ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین
کۆمیتەی بەرگری لەئازادی سیاسی و دەربڕین-هۆڵندا
2006-2-22